کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-10-2007 22:20

## مەملەکەتی سەرچۆپی... موحسین شوانی

جاران کورد بەئازایەتی وپێشمەرگەو ئاینپەروەرورەسانایەتی وخەبات وقوربانی وهەڵەبجەو ئەنفال، بەناوبانگ بوو، کەدەتگووت کورد ئیتر کۆمەڵێك مانا ورەوشتی بەرزو بەهای کوردانە ووەفاداریت نمایش دەکرد، بۆیە ئەگەر دکتاتۆرو سەرەك وولات وملهوڕەکان ودۆست ودوژمن کوردیان ناشیرین بکردبایە، بەلاّم رای گشتی دونیا دۆستایەتی وپشتیوانی بۆئەم میللەتە دروست دەکرد، نەهامەتیەکانی کورد ناژمێردرێن، خەبات وتێکۆشان وقوربانی وشەهیدەکانمان لەژمارەی هەندی وولاّت زیاترن!بەدرێژایی مێژوو ژێردەستەو کپ کراوو ئاوارەو دەربەردەرو خاك داگیرکراوبووە!با بەدووبەرەکی وخۆخۆری وجاشایەتی وکاسە لێسی باسێکی ترە، ...



هەرکە کە تروسکایەکی ئازادی بینی ئیتر وەك ئەوە وایە نەبای دیبی نەباران!هەمووشتێك لەیاد دەکات و دەکەوێتە سەما! بۆیە ئێستا کورد بەرەشبەڵەك وهەڵپەرین وسەرچۆپی بەناوبانگە!

لەشین وشایی.. هەڵپەرینە!لەپرسەو ئاهەنگا هەلپەرینە... لەیادی هەلەبجەو ئەنفال ویادی راپەرین وکۆچ رەوو شەری براکورژی هەلپەرینە... لەیادی حیزب وکارەسات وفەشەلەکانمان هەر هەڵپەرینە.... بیرتانە دوای راپەرین لەئەنجامی شەرە پەڕۆیی سەرچۆپی چەندان بوونە قوربانی گوللەی حیزبایەتی تەسك! لەگەرمەی تەقینەوە وکوشتاری بەکۆمەلچدا لەکوردستان شایی وهوڵپەرین وگۆرانییە! لەئاهەنگی بووکگواستنەوە چەندان براو خزم وکەس ودۆست ودراوسی بۆشەریان و سەدان رووداوی ئوتومبێل بەهۆرینی بێزارکەرو جنێودان و... دوای بووك وزاوا کەوتوون!!

ئەوەی زۆر گرنگی پێدەدرێت ولەزیادبووندایە هۆڵی ئاهەنگ گێرانە شایانی گووتنە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان لەپێشبرکی وهەڵپەڕیندا لەجیهاندا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە!!!

لەکات ژمێر دووی شەو یا شەشی بەیانی هەر شایی وهەلپەرین نمایش دەکەن.. بۆیە ئێمە ئێستا بەمەملەکەتی هەلپەرین ناسراوین!وەزارەتی تەندروستی، ژینگە، پەروەردە وشارەوانی پێویستسان بەکەناڵی ئاسمانی تایبەتە، لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هەرچەندە ئاستی هۆشیاری تاکەکانی بەرزن وهەرتاکێکی هەست بەئەرك وماف وبەرپرسیارێتی خۆی دەکات بەرامبەر کەسانی ترو ئەو وولاّت وژینگەیەی تێیدا دەژیت کەچی چەندان کەناڵی تایبەتی سەبارەت بەهۆشیاری لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە، هۆشیاری نەتەوەیی وکۆمەلاّیەتی وئابووری وئاینی وسیاسی یاسایی... بەتایبەتی تەندروستی زۆر گرنگی پێدەدرێت..

بەلاّم لەکۆمەڵگە دواکەووتواکاندا پێچەوانەی ئەم هۆشیاریە دەبینرێت، ئەوەندە گرنگی بەتێرکردنی وورگ وگیرفان و خۆدەولەمەندکردنی مادی دەدرێت وزۆر کەم گرنگی بەپاراستنی تەندروستی وژینگەو ئازادی کەسانی تر نادرێت!لەکۆمەڵگای کوردەواری مۆدرێنیشدا هۆشیاری هەڵپەرین و لەوپەری لووتکە یە، لەکاتی هێنانەوەی رووفاتی ئەنفال وبارزانیەکان، لەکاتی بۆردومانی سنوورەکانمان لەلایەن ئێران وتورکیاوە هەر هەڵپەرینە...

بۆیە بۆزیاتر ناوبانگ دەرکردن وبەرەوپێشچوون ومەدەنیەت و دیموکراسی وبۆئەوەی لەگەل گۆرانکایەکانی دونیادا برۆین وتەکنەلۆژیا وعەولەمەی کوردەواری بگەیەنین بەهەموو گۆی زەوی پێشنیار دەکەم کەنماڵێکی ئاسمانی تایبتە بەسەماو هەڵپەڕکی ی کوردی نەشاز بکەنەوە، کەدەڵێم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەشاز مەبەستم ئەوهەڵپەرینە بی ریتمەیە کە خوودوومان پێی گرتووە، چونکە هەڵەپەرینیش هونەرە وشێوازو جۆرو یاسایخۆی هەیە.
تێبینی: نەکەن بەجلی کوردی رانك وچۆغەوکراس وکەوای کورد هەڵپەڕن، چونکە ئەم جلە گوزارشت لەدواکەووتوویی کورددەکات، نیوپانتۆڵ وفانیلەی قۆڵ کورت ورووتی بدەنە کچەکان وگوارەو خەناوکەو بسکی درێژوسووراویش بۆکورە کورد. تابزان ئێمە زۆر پێشکەوتووین
گرنگ زانست وتەکنەلۆژیا وسەربەخۆیی نییە!گرنگ هەڵپەڕینە هەڵپەڕین کورینە!؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.